سودانی: حکومەت ڕووشوێنی پێویستی گرتوەتەبەر بۆ گەیشتن بە سەقامگیری و دەستەبەرکردنی گەشەکردن لە دەخەکی ئاڵتونی ئابوریدا

محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ڕایگەیاند، عێراق ڕوبەڕووی ئاستەنگ دەبەتەوە لە کەرتی دارایی و بانکیدا، حکومەتەکەی ڕووشوێنی پێویستی گرتوەتەبەر بۆ گەیشتن بە سەقامگیری و دەستەبەرکردنی گەشەکردن لە دەخەکی ئاڵتونی ئابوریدا و ئامانج لە چاکسازییە گشتگیرەکان هاوتایە لەگەڵ پێرەسەندنە نوێوەتییەکان.

محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ دوشەممە میانەی کۆنفرانسی چاکسازی کەرتی بانکی عێراقی، هەوڵەکانی بانکی ناوەندی و بانکەکان و تیمەکانی کاری کەمپانیا ڕاوێژکارییە نوێوەتی و ناوخۆییەکانی بەرز نرخاند کە بەردەوامن لەبەردەوان و پێرەپێدانی کەرتی دارایی و بانکی عێراق.

ئاماژەی بەوەشکرد، حکومەتەکەمان بودجەیەکی سێ ساڵەی ئامادە کردوە، کە بریتییە لە تەرخانکردنی سەرچاوە بە کەرتە گرنگە جیاوازەکانی وەک تەندروستی، پەروەردە، و ژێرخان. بودجەی سێ لایەنە ڕەگە بە داشتنی پلانێکی دارایی درێژخایەن دەدات کە یارمەتیدەر بێت بە بەدیهێنانی ئامانجەکانی ستراتیژی و گەشەپێدانی دەوڵەت.

سودانی باسی لەوەشکرد، "عێراق ڕوبەڕووی ئاستەنگ دەبەتەوە لە کەرتی دارایی و بانکیدا و حکومەتەکەی ڕووشوێنی پێویستی گرتوەتەبەر بۆ گەیشتن بە سەقامگیری و دەستەبەرکردنی گەشەکردن لە دەخەکی ئاڵتونی

ئابوریدا، هەروەها ئامانج لە چاکسازییە گشتگیرەکان هاوتایە لەگەڵ پەرەسەندنە نەودەوڵەتییەکان".

ئەوەشیخستەڕو، حکومەت کاریکردوە بە زیادکردنی داهات لەڕێگەی باشترکردنی سیستەمی باج و گومرگ و زیادکردنی داهاتی نا نەوتییەوە کە بەشدار بو لە کەمکردنەوەی پشت بەستن بە داهاتی نەوت. هەروەها کاردەکەن بە ئەوەی گومرگەکان بە تەواوی ئەتەماتیکی بکەن، لە ڕێگەی سیستەمی (ئەسیکدا)"ـەوە کە سیستەمی ئەتەماتیکی جیهانییە بە ڕەوشونەکانی گومرگی نەتەوە یەکگرتوەکانە.

سودانی ڕونیکردەوە، داهاتی گومرگی بە نزیکەی 128% زیادیکردوە و داهاتی باج 22% بەرزبوەتەوە بەراورد بە ساڵانی پێشو بەرزترین ڕەژیە. هەروەها لە ماوەی دو ساڵی ڕابردودا ئەنجومەنی وەزیران چەند بڕیارێکی دەرکرد بە داشتنەوەی بانکەکانیە؛ ڕافیدەین، ڕەشید، پیشەسازی، و کشتوکاڵ، لە ڕێگەی یارمەرت کەمپانیایەکی ڕاوژکاری نەودەوڵەتی بەناوبانگەوە.